# مۆنیومێنتێک بۆ لەبیرچوونەوە

نەژاد عزیز سورمێ

سێبەر و سێبەر
بەدوای نیگار
بەدوای چاودێرانی ئاگر..
هەوری ئاسندار..
ژنانی گوێ قوڵاخ
بە جەوهەری کوێری ڕاهێنراو
بەدوای دەنگی پێی
ڕەخشی بەجێماو
لەو ڕێیانەی،
شارستانەتی شەڕ و
شەڕی شارستانەتی
تیا بەرپایە..

ئادەمیگەلی
دەست بە بەردی ئەشکەوتان گوراو
چاو بە بەفری کوێستان ڕشتوو..
ئاسمان،
بارانی لێ گرتنەوە
خۆیان
لە سرەوتنی کلۆرایی
درەختە ڕووتەکان و
کەناری
چۆم و ڕووبارە نەقشبەستووەکان
بینییەوە..
ئەنکیدۆ
هێشتا لە جەنگەڵستانە..
تەخت هەڵنەنراوە
گەلگامشی لەسەر دانیشێ..
مەیخانە ئاوا نەکراون
لە کونجە تارەکانیاندا
بچێتە خەڵوەتی ئارەزووەکانی؛
لەناو شکارتە هەڵچووەکان
ڕێ لە پاکیزان دەگرێ..

❊

بوارێکی سەخت



چۆلەکە شەکەت
وەک ئەو عاریفانەی
دڕک بە گوڵ دەبینن،
بە گۆڕاییە بەردینەکانەوە وەربوون
بەروبوومی ئاسمان
ببەنەوە هێلانە،
وێرانەییِ جێنیگای
هەمووماني پێوەیە..
لە یادەوەریماندا،
بە ئێشی ئەشکەنجەدان دەچێ
لە ڕۆژێکی سڕەدا..
لە گەڕانەوە بۆ خود
هەنگاوی یەکەمی لێ هاوێشترا
یەکەمین بزەی تیا پشکووت
چاوشارکێ،
بۆ سێوێک
ژیانی هێناو
ژیانی برد..
سترانێکی تەواو نەکراو..
ئەفسوونێکی باڵ کراوە..
بەسەر ڕەهایی
کاتە پسۆکە وەڕسەکاندا
دەفڕێ.. ناگەڕێتەوە..

*

هەڵەمان کرد
لە ئاغمان زیاتر ویست..
هەڵەمان کرد پێمان گوتن
نەتانهێشت خۆشمان بوێن..
هەڵەمان کرد
بۆ مەوسیمی
چاوغایەنیی، بێ چاندی، ژەهراوی
نووشتاینەوە..
هەڵەمان کرد
نوێژمان،
بە کەبارێکی ناوەخت دا..

شەپۆلی نوور
قژی کیژە گۆشەگیرەکانی
مەستتر دەردەخست
سێبەری ژیارێکی بەرەواژ بوو
شەبەنگی بەژاوەژاو بەخشی..
دەنگی لە بێدەنگی خواست..

هەڵەمان کرد
وەنەوشەی تەلاناغمان ڕاوەشاند..
لە ئاوی لێڵمان دا،
لە بڕە ڕازاوەکان نەپەڕینەوە..
هەڵەمان کرد
هەوڵمان دا،
نووزەی گجوولە بەڕەڵلاکان
تێکەڵ بە چینکە و پرووشەی
چۆلەکان بکەین..
هەڵەمان کرد.

*

مۆنیومێنتێک
بۆ هەوری ئاسندار
بۆ ژنانی گوێ قوڵاخ
بۆ خۆخواردنەوە
بۆ باران،
لە پاشماوەی
پێکە بە دزی خوراوەکان هەڵدەنێین..
سەمفۆنیای شێتایەتییە؛
پڕچی پیرۆزگریی ڕادەکێشین
نووزەی
تووتکە هەتیوکەوتووەکانمان دێتە دەست..
ئاوریشم،
پۆڵای پێ خوار دەکرێتەوە..
ئێوارە بە شەتاوێکی تۆزاوی دووگیانە
ئاگر جەنازەی بەفری لەکۆڵ ناوە..
ڕووبارە کێوییەکان
ڕێیان،
لەچاوی کوژاوەمان گرتووە..
خوانی شەو
سرووتی ڕەهێڵە و گەردەلوولە..
شەهەدی مێژوو
بە ئاوێنە تەڵەخەکاندا دێتە خوارێ
چۆلەکە
گۆڕاییە بەردینەکان بەرنادەن!
خاکی پیر
کە جەستەی درزبردووی خوێناوی
لە خۆرێکی بریندار دەچێ
بە ئامێزی لەرزۆکی
ڕەشەبای لە باوەش گرتووە..
چۆلەکە
گۆڕاییە بەردینەکان جێناهێڵن!

ئای گۆلی نەدیتراو و نەبیستراو!
هەواری غەریبی!
بانیژەی ئەستێران!
چاوت لێیە
بەدنیهادی دەبینی
درەخشان..
دوور لە دڵ
نزیک لە خوێنی بەفیرۆدراو
لە ودمی ون بوون
لە چ سرەوتنێکی ئارامدایە؟
کۆخەکانی ئومێد
چۆن هەڵدەدرێنە خەرەندی
نۆستالیژیا؟
رووتتر دەبنەوە گوڵەگەنم
چۆلتر دەبنەوە خەرمان..؟
پەراوێزێک،
بۆ خۆدزینەوە لە ئێش
خۆ دزینەوە لەو فرمێسکانەی
شێوەی شەونم دەدەن، نامێنێ..؟
*
بە پێشبینییەک،
تەنیا عاشقان
پەی پێ دەبەن
بێدەنگی،
بە بەنگێشی و
خەوی زڕاو و
سۆزانییە سەربڕاوەکانی
کووچە و شەقامان دەشکێنرێ..
نووزەیەکی مەست
بەسەر لمی کەناردا کەوتووە..
باران
کە لە شەڕی ئاژاوەدا کشاوەتەوە
مۆسیقای خەمباری
بەسەر هەواری دێرین و
ئەو چۆلەکانە پەخش ئەکا
لە گۆڕاییە بەردینەکان
پرووشە دەکەن.

**کانوونی یەکەمی ٢٠١٧**